پۆلیسی سڵەمانی تاوانبارێکی داواکراوی دادگای سڵەمانی دەستگیرکردووە

بەپێوەبەرایەتی پۆلیسی سڵەمانی ڕایگەیاند، مەفرەزەکانی بنکەی پۆلیسی زەڕایەنی سەر بە بەشی پۆلیسی شارەزوور تاوانبارێکیان دەستگیرکرد کە لەلایەن دادوەرەوەو بەپێی ماددەی 412/1 بەغیابی سزای شەش ساڵ زیندانیکردنی بۆ دەرکرابوو.

پۆلیسی سڵەمانی ڕایگەیاندووە، دوای ئەوەی فەرمانی دەستگیرکردنی تاوانبارێک بەناوی (هـ، م، ن) لەلایەن دادگای تاوانەکانی سڵەمانی گەیشتە پۆلیسی سڵەمانی، دەستبەجێ هێزەکانی پۆلیس لێکۆڵینەوەو بەدواداچونەکانیان بۆ دۆزینەوەو دەستگیرکردنی تاوانبار دەستپێکرد، سەرەنجام توانرا تاوانباری ناوبراو لەلایەن مەفرەزەکانی بنکەی پۆلیسی زەڕایەنی سەر بە بەشی پۆلیسی شارەزوورەوە دەستگیربکرێت.

هەروەها هاتووە،تاوانبار بەبڕیاری بەڕێز دادوەر و بەپێی ماددەی 412/1 بەغیابی سزای شەش ساڵ زیندانیکردنی بۆ دەرکراوە.